# ئایا سینەمای کوردی تەنیا باس لە تراژیدیاکان

ئا/ بەهرە صدیق

* * *

**هەرچەندە هونەری سینەما لەکوردستان پێشـــکەوتنی بەرچاوی لە فیســـتیڤاڵە جیهانییەکاندا بەخۆیـــەوە بینیوە، بەڵام لەســـەر ئاســـتی ناوخـــۆ رەخنەی لێ دەگیرێ کە گوایە ســـینەمای کوردی باس لە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان ناکات و زیاتر کارەسات و تراژیدیاکانی گەلی کـــوردی کردووە بە هەوێن بـــۆ بەردەوام بوونی، بۆ باســـکردنی ئەم مەســـەلەیە چەنـــد هونەرمەند و ســـینەماکارێکمان هێنایە ئاخاوتن.**

* * *

سەرەتا ناسر حەسەن بەڕێوەبەری گشتی سینەما ســـەبارەت بەم باسە دەڵێت»زۆر شـــت هەیە قەدەغەیە و دەرهێنەر یاخود نووسەر ناتوانێ نیشانی بدات و لە دراما یان فیلـــم جێگای بکاتەوە بۆنمونە نابێ باســـی مەلایەك بکرێ تەنانەت ئەگەر رەخنەشـــی لەســـەر بێ، نابێ باســـی ئافرەتێك بکرێ کەخۆشەویســـتی هەیە، چونکە کێشـــەو گرفتـــی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتـــەوە، بۆیە هەندێك بابەت هەیە ناتوانـــرێ بەروونی بخرێتـــە روو، بۆیە بە سادەیی باســـی دەکەین، ئەوە خەتای نووســـەر و دەرهێنـــەر نییە بـــۆ نموونە درامای(کوێســـتان و گەرمیان) کە لە کەناڵی کوردســـات پەخش دەکرا، راگیرا لەبەر ئـــەوەی ژنێك مێردەکـــەی ئەنفال کرابوو، پێیان وابـــوو نابێ لەدوای پازدە یان بیست ســـاڵ خۆشەویستی هەبێ و شـــوو بکاتەوە، فشـــارێکی زۆر لەسەر دەزگاکە کرا تا زنجیرە دراماکە راگیرا، بۆیە دەبینین دراما و فیلمەکان هەندێك بەســـادەییە باسی هەندێك کێشە دەکەن و ناتوانن بچنە قووڵایی ئیشەکان، ئەگەر ئەوپرســـیارانە ئاڕاســـتەی ئێمە دەکرێ و گلەییمان لێ دەکـــرێ خۆیان باش دەزانن ئێمـــە ناتوانین ئەو کێشـــانە بـــەو روونییە بخەینە روو، چونکە واقیعی حاڵەکە وایە.

خانمـــە هونەرمەنـــد مـــەروا محەمـــەد گوتی»ژیانـــی کـــورد پڕە لە کێشـــەی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و سیاسی، کە بەردەوام خەڵکانێك بە دەســـت ئەم کێشانەوە دەناڵێنن، ناهەقـــی بەرامبەر ئافرەت دەکەن و دەیان چەوسێننەوە، توندوتیژی بەرامبەر منـــداڵ دەکەن، بۆیە ســـەختی ژیان وای کـــردووە کەبەردەوام خەڵك لـــە نەهامەتیدا بێت، بۆیە بەردەوام سینەماو دراماش باس لەو کێشەو گرفتانە دەکات.

**سینەما کار (شاخەوان ئیدریس)پێی وایە»**

بەرهەمە هونەرییەکان تا ئاســـتێك لە توێی تراژیدیاکاندا هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتییان پێشکەشـــکردووە، هەر بۆنموونە لەفیلمی سینەمایی «هەرمان» دەرهێنانی حوسێن حەسەن بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر لەتەك تراژیدیای ئەنفال ئەوا کێشەی کۆمەڵایەتی پەیوەســـت بەشەرەف وناموس وتێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەم بابەتە خراوەتە روو، بەهەر حـــاڵ نموونەی دیکەش هەنە، هەرچۆنێك بێت بابەتـــە کۆمەڵایەتییەکان وەکو رەگ و کرۆکی بابەتی ســـەرەکی لە بەرهەمە هونەرییەکان تا ئێستاش بەشێوەی پێویســـت بەکارنەهاتـــوون و گرنگییەکی ئەوتۆیـــان پێنـــەدراوە، لەوانەیـــە هەوڵی هونەرمەندانی کورد بۆ تیشـــك خســـتنە ســـەر کارەسات ومەینەتی کەبەسەر کورددا هاتوون لە ســـاڵانی رابردوو زیاتر بایەخی بەخۆوە گرتبێت، ئەوەش شـــتێکی ئاساییە وتەندروستە، هەر بۆ نموونە تائێستاش ژاپۆن فیلم لەسەر کارەساتی هیرۆشیما وناکازاکی بەرهەم دەهێنێت، ئەوروپاش تائێستا سەبارەت بەهۆڵۆکۆست فیلم ئەنجام دەدات، هەروەها هۆلیۆدیش تائێســـتا فیلم لەســـەر ڤێتنام وبابەتی نەتەوەیی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەم هەموو شوێنانەی کە ناومان هێنان، لایەنی کۆمەڵایەتییان فەرامۆش نەکردووە، ئێمەش ئەوەندەی پێویســـتیمان بەبابەتی نەتەوەیی هەیە لەقۆناغی ئەمڕۆماندا کە کوردستان هـــەوای ئازادی هەڵدەمژێت پێویســـتیمان بە خســـتنە رووی بابەتـــی کۆمەڵایەتی هەیە لەنێو بابەتـــە هونەرییەکانمان جا چ لە نـــاو فیلمێکی ســـینەمایی بێت، یانە لەدرامایەکی تەلەفزیۆنـــی، لەبەر ئەوەی هونەری فیلمسازی بە هونەری ئیرتکازی کۆمەڵگە دەخەملێندرێت.

بەرای من زۆر پێویســـتە بایەخ بەلایەنی کۆمەڵایەتـــی بدرێت و زیاتـــر لەقۆناغی ئێستاماندا بەرەو ئەم ژانرە بڕۆین.

**«شەوکەت ئەمین»ی سینەماکار**

چەندین خەڵاتی جیهانی بە دەســـهتێناوە لەمبارەوە دەڵێ»بەر لـــەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە پێویستە بیر لە دامەزراندنی یاخـــود بنیاتنانـــی ســـینەمای نەتەوەیی بکەینـــەوە، چونکـــە ئەگەر ســـینەمای نەتەوەیـــی دامـــەزرا ئـــەوکات دەتوانین مـــەودای کارەکانمان فراوانتر بکەین، جگە لەتراژیدیاو کارەســـات کـــە هەوێنی کارە سینەمایەکانمانن دەبێت بیر لەبەرجەستەکردن و خستنە رووی ژانرەکانی تری کۆمەڵگای کوردی بکەینەوە بەتایبەت کێشـــەو ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان»


هەر سەبارەت بەم باسە سینەماکار فەرزین کەریم گوتی»ئەوەی ئێستا لە فیستیڤاڵەکان سەبارەت بە فیلمی کوردی بەدی دەکرێت پرسی کوردە، واتە پرسە سیاسییەکەی، ئەو مەرگە ساتانەش بەشـــێکن لەو پرسە، ئەو غەدرە مێژووییەی کەلە کورد کراوە دیسان



# دەکات و کێشەکانی کۆمەڵگای فەرامۆش کردووە؟

بەشێکە لەو پرسەو لەلای بینەرو وەرگری بیانی سەرنج راکێشە و لەهەمانکاتدا زانیاریان لەسەر نییە، بۆیە ئەم سەرنج راکێشانەش زیاتر دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی وەڵامدانەوەیان لەسەر ئەو سینەمایانە هەبێ، ئەوەش یارمەتی زۆری ئەو فیلمانەی داوە کە لە فیستیڤاڵی جیهانیدا بەشداریان کردووە، خەڵاتی جیهانیش وەربگرن ئەو پرسە سیاسیانە یارمەتیان داون بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بسەلمێنن، بەڵام ئەگەر باسی پرسی کۆمەڵایەتی بکەین دەبێ ئیش بۆ وەرگری خۆماڵی بکەین، چونکە هەر ئەوان لەم موعاناتانە تێدەگەن، لەبەر ئەوەی ئێمە هۆڵی سینەمای تایبەت و سەرمایەداری خۆماڵی تایبەتمان نییە بێت ئیش لەسەر کەرتی سینەما بکات، بۆیە سینەماکارانی ئێمە زیاتر هاموشۆی وەرگری خۆماڵی دەکەن لەجیهاندا، چونکە پرسە کۆمەڵایەتییەکان نزیکەی لەهەموو وڵاتان، بۆنموونە توندوتیژی لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتە

دواکەوتووەکان یەك پرسە، ئەگەر هاتوو هۆڵی سینەمامان هەبوو رۆشنبیری و سینەمایی و کەرتی سینەماییمان هەبوو (کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەدارو بینەری خۆماڵی) ئەوکات دەتوانین کار لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، ئێمە حەقی خۆمانە باسی پرسە سیاسییەکان بکەین، چونکە تا ئێستا خاوەن دەوڵەتی خۆمان نین، بەڵام دەشێ حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیری بە هۆی پلانێکەوە ساڵانە لەو فیلمانەی بەشداری فیستیڤاڵەکان دەکەن، فیلمێك بۆ ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و فیلمێك بۆ لایەنی تەرفیهی تەرخان بکەن بەم شێوەیە ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە»



# راپرسییەک سەبارەت بە قژی شاکیر



مالپەڕی گۆڤاری «کلۆزیر»ی فەرەنسی تایبەت بە هەواڵی ئەستێرە سینەماییەکان، راپرسییەك ئەنجامدەدات بۆ زانینی بیروبۆچوونی خوێنەرانی بەشداربوونی دەربارەی تەسریحەی نوێی قژی گۆرانیبێژ شاکیرا.

گۆڤاری ناوبراو لە ماڵپەری خۆی بڵاویکردەوە کە رکابەرێتییەکی بەهێز هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی کە ئەم تەسریحە نوێیەی شاکیرایان بە دڵە و ئەوانەی کە دژین و رەتیان کردۆتەوە کە پێیانوایە تەسریحەی پێشووی رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەوەی کە سەرنجی خەڵك بۆ خۆی رابکێشێت و ئەم تەسریحە نوێیەی جوانییەکەی نەهێشتووە، شایەنی گوتنە شاکیرا بەم دواییە بە تەسریحەیەکی نوێ و سەرنجڕاکێش دەرکەوت و قژی کورت کردبۆوە و بە رەنگێکی زەردی کراوە رەنگی کرد بوو لە کاتێکدا کە جەماوەرەکەی هەمیشە بە قژی درێژەوە بینیویانە.




## کامێرۆنیش پشت بە ماکیاژ دەبەستێت

نەك ئافرەتی ئاسایی بەڵکو ئەستێرە بەناوبانگەکانیش پێویستییان بە مکیاژ و خۆ جوانکردنە ئەگینا بەو شێوەیە دەرناکەون کە دەیانبینین.

کامیرۆن دیازی ئەستێرەی زنجیرە فیلمەکانی ( فریشتەکانی چارلی ) یەکێکە لەوانە کە ئەگەر مکیاژ نەکات زۆر بەباشی پێوەی دیارە، هەر وەك لەم وێنەیەدا دەیبینن، کاتێك لە یانەی Elevation Fitness لە کالیفۆرنیا هاتە دەرەوە و رووی لە کۆبوونەوەیەك کرد کە تایبەت بوو بە چەند کارێکی هونەری، کامیرۆن بە سەر و سیمایەکی سروشتی بێ مکیاژ دەرکەوت تەنانەت قژیشی دەستکاری نەکردبوو بۆیە بە ئاسانی هەست بەوە دەکرا کە وەك رۆژانە دیکە ئاسایی نییە.

## کریستین کرێی لە هەمووان زیاترە



لە راپرسییەکدا کە گۆڤاری (فۆربس)ی تایبەت بە بواری ئابووری ئەنجامیدابوو، دەرکەوتووە کە کچە ئەکتەری ئەمریکی کریستین ستیوارت خاوەن زۆرترین کرێیە لەنێو ئەکتەرەکانی تر لە بەرامبەر بەشداری کردنی لە فیلمەکاندا.

گۆڤاری ناوبراو لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا روونیکردەوە کە ئان هاسوای بە پلەی دووەم دێت بە بەشداری کردنی لە فیلمی (ئالیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەکان)دا و بە پلەی سێیەمیش رۆبیرت باتیسۆن دێت لە بەرامبەر بینینی رۆڵی خوێنمژ لە فیلمی «Twilight» کە داهاتێکی زۆری کۆ کردۆتەوە و دانیال رادکلیف بە پلەی چوارەم هات لەبەشی چوارەمی (هاری پۆتەر).

ئەوەی جێی سەرنج بوو جۆنی دیب بوو کە لەپلەی دەیەم و کۆتایی هات لە فیلمی (قراصنة الكاريبي) کە بووە مایەی سەرنجی بینەران لە سەرتاسەری جیهان.



# پاریس روو لە نواندن دەکات



واپێدەچێت (پاریس)ی کچە تاقانەکەی ئەستێرەی پۆپی کۆچکرد و مایکل جاکسۆن بیەوێ روو لە بواری نواندن بکات، دوای ئەوەی توانی داپیرەی رازی بکات.

لەمبارەیەوە رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی رایگەیاند کە پاریسی تەمەن ١٣ ساڵ لە فیلمێکی نوێ بە ناوی (پردی لەندەن) رۆڵی پاڵەوان دەبینێ و رۆڵەکەشی تێکەڵێکە لە نێوان رۆڵی راستەقینە و فیلمی کارتۆن.

رۆژنامەی (سەن) ئەوەشی ئاشکرا کرد کە خانەوادەی پاریس حەزیان نەدەکرد تا تەمەنی ١٨ ساڵی هیچ کارێك بکات، بەڵام توانی کاسرینی داپیری رازی بکات، چونکە لەو فیلمەدا پەیامێك پێشکەش دەکات کە زۆر لە دڵی باوکییەوە نزیکە، سەن لە سەرچاوەیەکی نزیکەوە ئەوەشی راگەیاند ئەو کەسایەتییەی پاریس دەینوێنێت خۆشەویستییەکی تایبەتی لای مایکلی باوکی هەبوو کە ئەویش بیرۆکەی سەرەکی فیلمەکەی وایکرد داپیری رازی بکات، هەروەها داهاتی فیلمەکەش دەبەخشرێتە قوتابخانەکانی ئەمریکا.

# ئەو چاوانەی هەر بە جوانی دەمێننەوە



بەپێی ئەو راپرسییەی کە ماڵپەری ئیلاف ئەنجامیدا بوو بۆ دەستنیشانکردنی خاوەنی جوانترین چاو، ئیشواریا رای کچە ئەکتەر و شاجوانی پێشووی هیندستان بۆ جارێکی دیکەش هەمان نازناوی بەدەستهێناوە.

دەرەنجامەکانی راپرسییەکە پێشبینی کرابوون، چونکە لەرووی جوانییەوە ئیشواریا بە یەکێك لە جوانترین ئەکتەرەکان دادەنرێت، تەنانەت هەندێك لە مۆزەخانەکان لە ئێستاوە داوایان لێیکردووە دوای مردنی چاوەکانی خۆی پێیان ببەخشێت بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بە نەمری بمێننەوە، سەبارەت بە جوانی ئیشواریا دەڵێ: نهێنی جوانی لە بیرکردنەوەی ئیجابیدایە کە بە یەکێك لە نهێنییە گرنگەکان دادەنرێت و کاتێك کە هێزی بیرکردنەوەی ئیجابیت باش و تەواو بوو هەمووو شتێك باش دەبێت.

ئیشواریا بە راستگۆیی و رێکوپێکی و رێز گرتن لە کات و گرنگیدان رۆژانەی بە هەنگاوەکانی پاراستنی جوانی ناسراوە، چونکە سەرەرای ئەوەی کە کاری رۆژانەی زۆرە، بەڵام هیچ کاتێك جوانی خۆی فەرامۆش ناکات ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایان کردووە هەمیشە بە جوانی بمێنێتەوە.

# عومەر گوندی: زۆر جار لە کلیپەکاندا فاوڵم کردووە

**زیاتر لە ٢٥ ساڵە دەستی بە کاری هونەری کردووە و لە نەوەدەکانیش بە چەندین گۆرانی و بەرهەمی جیاجیا خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی رووی لە هەندەران کرد بۆ ماوەیەك لە هونەر دابڕا، کەچی دواتر بە چەند بەرهەمێکی نوێوە گەڕایەوە و بەم دواییەش بەرهەمێکی بڵاوکردەوە کە چەندین گۆرانی نوێ وکۆن لە خۆ دەگرێت، لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە دوان.**

عومەر گوندی لەگەڵ دوو نەوەی هونەرمەندان ژیاوە سەبارەت بە جیاوازیی نێوانیان لەلایەنی هونەرییەوە پێیوایە نەوەی پێشوو هەستی نەتەوەییان زۆر بە هێز بوو کە تا ئێستاش ماوەتەوە، لەلایەنی هونەریشەوە بە هەمان شت بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەك یان سازدانی ئاهەنگێك پێویستی بە رەزامەندی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێم هەبوو، بەڵام نەوەی ئێستا هیچ ماندوو بوونێك نابینێ لەسایەی ئەو ئازادییەی کە هەیە، راگەیاندنیش بە هەمان شێوە لەژێر دەستی رژێم بوو بۆیە زۆر زەحمەت بوو کەچی ئەمڕۆ بە دەیان کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵ و ستۆدیۆی پێشکەوتوومان هەیە، ستۆدیۆکانی کاتی خۆیش هەمان شێوە زۆر سەرەتایی بوو، کەچی ئێستا ستۆ د یۆ کا ن بەشێوەیەکی لێها تووە کە سانێك ئەگەر گۆرانیبێژیش نەبن دەتوانن گۆرانی بڵێن.

### راوێژ بە هاوسەرەکەی دەکات

عومەر گوندی وەك هەر هونەرمەندێکی دیکە پشت بە چەند کەسێك دەبەستێ و راوێژیان لەگەڵدا دەکات لە هەڵبژاردنی تێکست و ئاوازەکان، لەم بارەیەوە دەڵێ: هیچ کات خۆم بە دیکتاتۆر نەزانیوە و هەمیشە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیانی خۆم راوێژم کردووە بۆ هەڵبژاردنی ئاواز و تێکستەکان، هەروەها راوێژ بە جەماوەر و بە خێزانەکەشم دەکەم بەتایبەتی هاوسەرەکەم بە حوکمی ئەوەی لە هەموو کەس نزیکترە لە من و پێویستە راوێژی پێبکەم و بە سوپاسەوە دەڵێم زۆر هاوکاری کردووم و مەرجیش نییە هەموو قسەکانی وەکوخۆی جێبەجێ بکەم، بەڵام بە وردی گوێ لە قسەکانی دەگرم.



### لە کلیپدا فاوڵی زۆرم کردووە

زۆر جار لێرە ولەوێ رەخنە لە کلیپەکانی هونەرمەند عومەر گوندی گیراوە، گوایە لەگەڵ تەمەن و ناوبانگی خۆی ناگونجێت یاخود دوورە لە دابونەریتەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری و چەندین رەخنەی دیکە، گوندی سەبارەت بە کلیپەکانی دەڵێ: زۆر جار لە کلیپەکاندا فاوڵم کردووە، بەڵام ئەوەش لەبەر ئەوە بووە نەمویستووە دەست بخەمە نێو کاروباری دەرهێنەرەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك بە کاری خۆی هەڵسێت، بۆیە دەبینین هەندێك جار دەرهێنەر سیناریۆی جیاجیا دادەنێن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێك بکەم کە ئێستا باوە، ئەویش بریتییە لە شەڕی کلیپ، ئێمە لە سەردەمی شەڕی کلیپداین، پێویستە هونەرمەندانی هاوتەمەنی من و ئەو گەنجانەی ئێستاش هاتوونەتە نێو بواری گۆرانی و هونەرەوە ئەو راستییە باش بزانن کە ئێمە لە سەردەمی شەڕی کلیپداین و پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، من دان بەوە دادەنێم کە هەندێك کلیپم نەکردووە گونجاو و شیاو نین نە بۆ تەمەنی من نە بۆ جەماوەرەکەم کە پێشتر منیان ناسیوە و شارەزاییان هەیە لەو هونەرەی کە پێشکەشم کردووە، بۆیە ناچارم شیرین و تاڵ بە یەکەوە نۆش بکەم، من دەمەوێ ببم بە خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوان، بۆیە هەندێك جار رەنگە تووشی هەڵەش ببم.

هونەرمەند عومەر گوندی هەر سەبارەت بەو کلیپانە و کاریگەرییە سلبی

و ئیجابییەکانی لەسەر ئاستی جەماوەرێتی خۆی دەڵێ: بەداخەوە ددان بەوە دادەنێم کە کلیپەکانم بەشێوەیەکی سلبی کاریگەرییان کردۆتە سەر ئاستی جەماوەرێتی من، بەتایبەتی ئەو کەسانەی بە تەمەنن و پێشتر منیان ناسیوە و گوێیان لە گۆرانییەکانم بووە، بەڵام رێژەیەکی زۆریش لە گەنجەکان لە کلیپەکانم و رازین و ئێستا دەزانن عومەر گوندی کێیە بەتایبەتی لەو دوو کلیپەی دواییمدا، چونکە نەوەی نوی رەنگە ئاشنا نەبووبن بە عومەر گوندی، بەڵام لەو دوو کلیپە منیان ناسی.

**کاری هونەری ئێستا قوربانی دەوێ**

هونەرمەند عومەر گوندی ئاماژە بەوە دەکا کە بۆ رازیکردنی دوو نەوەی جیاواز لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی جیاواز کارەکەی تا رادەیەك زەحمەتە و دوور نییە قوربانی بە جەماوەرەکەی بدات بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر ناسیویانە لەمبارەیەوە دەڵێ: من کەوتوومەتە نێوان ناڵ و بزمار و رەنگە ناچار بم قوربانی بە جەماوەرە کۆنەکەم بدەم کە ئەمەش بۆ من کارێکی زۆر زەحمەتە و هەموو هەوڵێك دەدەم کە بتوانم دووبارە ئەوانیش رازی بکەمەوە، بەڵام بە گوێرەی توانای خۆم هەوڵ دەدەم ببمە ئەڵقەیەکی بەیەکبەستنەوەی هەردوو نەوە لە جەماوەر و دەمەوێ بە نەوەی کۆنی جەماوەرەکەم بڵێم ئەوەتا من ماوم و رەنگە کارەکانم زۆر بە دڵی ئێوە نەبن وبە نەوەی نوێش بڵێم فەرموون ئەوەتا من دەمەوێ چۆن خزمەتم بە نەوەی پێش ئێوە کردووە بەو شێوەیەش خزمەت بە ئێوە بکەم، بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر زەحمەتە و ئاسان نییە و سەرکەوتنیش تێیدا زامن نییە و رەنگە تێیدا سەرکەوتوو نەبم.

**پێشبینی رەخنەکانم دەکرد**

عومەر گوندی دڵنیا بوو لەوەی کە لە کلیپەکانیدا دووچاری رەخنە و هێرشێکی توند دەبێتەوە، چونکە زۆر کەس هەن بە ئاشکرا دەڵێن ئەم کلیپانە لەگەڵ تەمەن و هونەری ئەودا ناگونجێن و شیاو نینە و هەر هیچ نەبێت دەیتوانی خۆی پاڵەوانی کلیپەکان نەبێت، خۆیشی دان بەوە دەنێت کە بەر لە بڵاوبوونەوەی کلیپەکانی چاوەڕێی ئەم جۆرە هێرشانەی دەکرد و تەنانەت رەنگە خۆیشی بۆ رووبەروو بوونەوەیان ئامادە کردبێت، بەڵام بە جورئەتێکی زۆرەوە کارەکانی ئەنجامدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە زیاتر لە شازدە ساڵە لە ئەوروپا دەژیت و هەمیشە شانازی بە نەتەوە و مێژوو و کەلتووری خۆی کردووە، بەڵام لەو ماوە دوور ودرێژەدا تێکەڵی چەندین کەلتوور و فەرهەنگی جیاجیا بۆتەوە بۆیە ناچار بووە ئەم گۆڕانکارییە بکات، چونکە پێیوایە ئێمە پێویستمان بە چەند کارێکی ورد هەیە کە جەماوەری ئێمە بە ئاسانی قبوڵی ناکات بەجۆرێك چاوەکانی دادەخات تاکو بتوانێت رزگار ببم و دووبارەشی دەکاتەوە، هەندێك جار پێویستمان بەو جۆرە کارانەش هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش داوای لێبوردن لە جەماوەر دەکات کە بە ناچاری ئەو کلیپانەی کردووە و پێشیوایە کۆمەڵگای کوردی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە دەبینێ، بۆیە ئەویش ناچار بوو جۆرێك لە گۆڕانکاری لە کارەکانی خۆیدا بکات، چونکە ئەگەر بە لە ٥ ساڵ داوایان لێکردبا گۆرانی (بێژە من ناقێ تە چییە) بەو شێوەیە بڵێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات، هەرچەندە جەماوەر پێشوازییەکی زۆر گەرمی لەو گۆرانییە کرد، بەڵام ئەمەش مەرج نییە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئیدی لەسەر ئەم ستایلە بەردەوام بێت، بەڵکو چاوەڕێی پێشهاتەکان دەکات لە هەموو روویەکەوە.

لە کۆتاییدا هونەرمەند عومەر گوندی سەبارەت بە شیعری کلاسیك دەڵێ: من یەکێك لە شەیدایانی شیعری کلاسیکیم و زۆر دەمێکە خەریکی خوێندەوەی ئەم شیعرانەم و سوودێکی زۆرم لێیان وەرگرتووە هەر بۆیەش لە بەرهەمی ٢٠٠٨ سێ تێکستی شاعیری گەورە ئەحمەد ناڵبەند و جزیری و فەقێ تەیرانم کردووە بە گۆرانی و پەنا بە خوا لە داهاتووشدا بەردەوام دەبم لە گوتنی شیعری ئەم شاعیرانە.

